# نەبوونی پلان، لە زەمەنی هاتنە پێشەوەی قەیراندا!

هێرش رەسوڵ



رۆژی 19ی ئەم مانگە لە هۆتێلی سلێمانی پالاسی شاری سلێمانی ئاغای مەحمودی فەرهادی کە ئەندامی "وەفدێکی بازرگانی" کرماشانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوە لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن هێزێکی ئەمەریکیەوە دەستگیرکرا –هەرچەندە دەوترێت پێشتر لە لێدوانێکدا، وەفدەکە رایانگەیاندبوو کە فەرهادی ئەندامی وەفدەکەیان نیە، بەڵام پاش دەستگیرکردنی ئێران دەڵێت ئەندامی ئەو وەفدەوەو بە سەردانی رەسمی هاتبوە هەرێم–.

بە گوێرەی بۆچوونی پسپۆڕانی سیاسی، دەستگیرکردنی فەرهادی لەلایەن ئەمەریکاوە بەبێ ئاگاداری حکومەتی هەرێم لەناو خاکی هەرێمدا "یاسایی نیە"، چونکە ماوەی چەند مانگێکە دۆسیەی ئەمنیی هەرێمی کوردستانی عیراق لەلایەن ئەمەریکیەکان خۆیانەوە بە حکومەتی هەرێم دراوەتەوە، کەواتە ئەو جۆرە کارانە دەکونە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتو سەروەریی ئەو حکومەتەوە.

ئەم رووداوە بارگرژییەکی سیاسی بۆ ناوچەکەو دەسەڵاتەکەی خوڵقاندوەو، حکومەتی هەرێمی ناچارکردووە دەستبەجێ یاداشت ئاراستەی حکومەتی ئەمەریکا بکاتو هەوڵ بۆ ئازادکردنی ناوبراو بدات، هەروەك سەرۆکی کۆماری عیراق نامەی تایبەتی بۆ هەریەك لە رایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عیراقو جەنەراڵ دێڤد پترایۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق ناردوەو داوای ئازادکردنی فەرهادی دەکات. هەرچەند بە وتەی مارك فۆکسی قسەکەری هێزەکانی ئەمەریکا  ئاغای مەحمودی فەرهادی ئەندامی قەرارگای قودسی کۆماری ئیسلامییەو بەرپرسیارێتی هەموو چالاکیە چەکدارییەکانی ئێرانی لە عیراقدا لە ئەستۆدابوە، کەوا ئەندامانی ئەو سوپایە لای ئەمەریکا یاساغنو بڕیارێکیان هەیە کە هەرکەسێك سەر بەو قەرارگایە بێت بێتە ناو خاکی عیراقەوە دەستگیریبکەن، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی ئەمە رەتدەنەوەو لە زاری حوجەتوڵڵا دەمیاد جێگری سیاسیو ئەمنیەتی پارێزگای کرماشان دەڵێن: "راوێکاری بازرگانی پارێزگای کرماشانە"، بە وتەی سەرکۆماری عیراقیش ناوبراو "تۆمەتەکەی هەرچییەك بێت، نابێت دەستگیرکردنەکەی ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئابوریو بازرگانیو بژێوی ناوچەکە".

لەگەڵ ئەمانەشدا، لەو بارەیەوە هەفتەی رابردوو تاڵەبانی دوایین پەیامی ناڕەزایی کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێگەیشتو تێیدا سوربوونی دەوڵەتەکەی لەسەر هەڵوێستی خۆی بۆ داخستنی سنورەکانی بە رووی حکومەتی هەرێم رادەگەیەنێ تا ئەوکاتەی فەرهادی ئازاد نەکرێو گرەنتی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی لە خاکی هەرێمدا دەستەبەرنەکرێ.

تا ئێرە مەغزا سیاسییەکەی دەستگیرکردنی ئەو هاووڵاتی یان "بازرگان" یاخود "بەرپرسە باڵا" یە ئێرانیەیە لە

هەرێمی کوردستان، کە ئەمیش هاوکاتە لەگەڵ تۆپبارانکردنی سنورەکان لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە.

ئەمە دیوە سیاسیەکەی ئەو روداوەیە کە لەیەککاتدا، تەنها لە میوانخانەیەکدا کێشە سیاسیەکانی چەند وڵاتێك لەسەر مێزێکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی بەدوای ئەمەوە دێت گرفتو ئاستەنگو تەنانەت قەیرانی ئابوریە لەناو ئەو خاکەدا کە فەرهادیی تێدا دەستگیرکرا.

هەڵکەوتەی جوگراف هەرێمی کوردستان وایە، بۆ هێنانی کەلوپەلو خواردنو سوتەمەنی بە وتەی قسەکەری رەسمی حکومەتی هەرێم، دەبێ"60٪" پشت بە سنورەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ببەستین، بەداخەوە، بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسییو دواکەوتوویی ئابورییەوە، تاکو ئێستا خۆمان نەمانتوانیوە تاڕادەیەکی کەمیش لەو بوارانەدا پشت بە خۆمان بەستینو بەرهەمی تایبەتی خۆمان هەبێ، بۆیە زیاتر وەکو بەکاربەر هەڵسوکەوتمان کردوە وەك لەوەی بەرهەمهێن بین، وەکچۆن زۆرجار بێپلانیمان لە کەرتە ئابورییە جیاوازەکاندا، کشتوکاڵ بە نمونە کە لە وڵاتەکەماندا رەگێکی قوڵی هەیە، لە پاشەکشەی بەردەوامدایەو لادێکانمان لە بری ئاوەدانکردنەوە، وردە وردە چۆڵدەبنو دانیشتوانیشی زۆربەی دەبنە پۆلیسو دێنە ناوشارەکانو لە جیاتی خواردنی بەرهەمی خۆماڵی رۆژانە شیرو پەنیرو سەوزەو میوەی ئێرانیو سعودیو سوریو... تاد دەخۆن.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتیو لە کاتی ئاساییدا، بەڵام ئاخۆ کاتێك سنورەکان کلۆمدەدرێنو رێگای هاتنە ناوەوەی ئەو خواردنو کەلوپەلو سوتەمەنیانەش دەگیرێت کە لە ئێرانەوە دێنە ناو خاکی هەرێم دەبێ رووبەڕووی چی ببینەوە؟

بەر لەهەر شت دەبێ رای ئابوریناسان بە هەند وەربگیرێن، کە پێیانوایە، درێژە کێشانی داخستنی سنورەکان، "هەڵاوسانی ئابوری" لەگەڵ خۆیدا دێنێو نرخی شتومەك لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرزدەکاتەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی هەرێم "بەرژەوەندیی بازرگانیی هاوبەش"ی لەگەڵ ئەو کۆمانپایانەدا هەیە، بۆیە داخستنی مەرزەکان زیان بە پرۆژە بازرگانیو خزمەتگوزارییەکان دەگەیەنێت.

هەروەك ریتمی ئاسایی ژیانو خەڵك تێکدەداو وەك هەمیشەش لە غیابی چاودێریی رەوتی بازاڕ لەلایەن حکومەتو قۆستنەوەی هەلی نەهاتنی شتومەك لەلایەن هەندێ بازرگانو فرۆشیار بە زیادکردنی نرخ، زیان بە داهاتی تاكو بژێوییان دەگەیەنێت.

لەو ئاستانەشدا ئەوەی هەم مایەی سەرسوڕمانو هەمیش مایەی نیگەرانیە، بێپلانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانە ئابورییەی چاوەڕێدەکرێت، نەبوونی ئەلتەرناتیڤی ترە لەبەرامبەر داخستنی ئەو سنورانە، بەڵام وەکو وتەبێژە رەسمییەکەی پێیوایە، "رەحمەتە لەوبارەدا بەدیلێکی بەپەلەی مەرزەکانی ئێران بدۆزێتەوە".

هەروەك گومانەکانمان لەبەرامبەر نەبوونی ئایندەبینیو پلاندانانی حکومەتی هەرێمو خۆ تەیارکردنی بۆ رووبەڕووبونەوەی پێشهاتەکان لەلا تۆختر دەکات.

ئایا لە حکومەتی هەرێم بۆ بەرگەگرتنی ئەو قەیرانەو هەر پێشهاتێکی دیکەی ئابوری پلانی هەیە، یان بەدیلی تری هەیە، یاخود لەلایەنی ئابوریو بازرگانیو بژێوی هاووڵاتیانەوە تەنها چاوی بڕیوەتەوە ئەو دەرگایە؟

ئەمە لەپاڵ زەنگەکانی دیکەی وەك پەتای ئەنفلۆنزای باڵندەو کۆلێراو ڕۆتینو گەندەڵیو...تاد زەنگێکی تر نیە بۆئەوەی ئیتر پلانو نەخشەی درێژخایەنمان بۆ هەموو لایەنە جیاوازەکان هەبێت؟!